# ح وو ر



فـەهـد گــردەوانی

شەو بەدەردی غوربەت
لەگەڵ روحدا ئیشوئازار بەڕێ دەکەم
هەمان دەردی جاران ، جارێکی تر
میوانە و ، خوشی بەخاوەن ماڵ دەزانی
کامەیان بەهێزترە ، ئەم ژانە دووری یە
یا دوور لە مەرگی بەختەوەری
کامەیان هەڵدەبژێری
رووح یا ژیانێکی ژان

بە هیچیان راناگەم
کەچی کات دەمکوژێ و ، وەکو دەریا
شەپۆڵ بەرامبەر حەزەکانم دروست دەکا
هیچیان نابێ بێتەدی ، چونکە شاردراوەم
بەگریانیش رازی نابن ...
هەتا رووباری فرمێسک دروست بکەم
بە پێکەنینیش رازی نابن ...
هەتا حەیرانی قاقا بێژم

کامەیان راستگۆ ترە ... شەڕ لەگەڵ دەروون
یا بە ئاشتی مردن
خۆت فڕێ دە ، دەبیتە گیان فیدای ئەم هۆزە
وەرە بفڕە ، بەڵکو هەڵۆ شانازیت پێ دەکا
ئا .. ئەمەیان داستانی بارانە و
رێژنە ئاوێنە یە

ئا .. ئەمەیان دوورگەی نەهاتە و
هێشتا نەبیەکان شارەزای نین
هەر هەمووتان دەگرێتە خۆی و
ئێوەش بت پەرستی مەکەن ... بت شکێن بن
سەردەمی ئێستاکە ... ئەو ژانە هەڵناگرێ
دڵداری ئێستاکە ... ئەو ژوانانە دانانێ
بشکێنە ... ئەمانە تەلیسمێکە و مەترسە
بشکێنە ... ئەمانە شەوارەیە و مەترسە

گەشتی روحم لەو دورگەیە ناحەسێتەوە

چاوەروانی نەبیەکی ترە
ئەگەر مێژوو دروستی بکا
لەسەر زەوی ، یا لە ئاسمان بێتە خوارێ
ئیمانداره و مریدی هەیە
جوتیارە و مەڕوماڵاتی هەیە
بازرگانە و شاگردی هەیە

بەسەر دەریا رادەکەم ،
کەچی قاچم ئاو ناگرێ
لەسەر ئەو بەرزایی یە ،
خۆم فڕێ دەدەم
وەکو سپرینگ هەڵدەبەزمەوە
بە قەرابە دەخۆمەوە ،
وەکو ئیسفەنج تێرنابم
بەرامبەر ئەو دەریایە
وەکو ماسیگر دەخولێمەوە ،
کەچی بەردیش هەڵمناگرێ

هەر بۆ لای رووح ... ئەو ماوەیە رادەکەم
حەز لە بینینی ناکەم و ئەویش بەدوام دەسوڕێتەوە
لە کامە کیشوەری جیهان
جارێکی تر بە یەکتر شاد دەبینەوە
ئەمەیان نووسراوی سەر گاشە بەردێکە
بە چاوی خۆم لە لای قەندیل دیوومە ،
جا ئەگەر خەون بێ
دەبێ لەو دووریە کامە خەونی خەیاڵ
بەرەو ناوچەیەکی نادیار هەڵمگرێ
کامە رۆمانسیەت ...
لەگەڵ خۆمدا هەڵگرم
وەکو با بەرەو رووی بچم

ئاگاداربە ... !!
(( ئەمەیان داستانێکە هێشتا لە دایک نەبووە
لەسەر ئەو گردە راکشێ تا وەکو
خلۆر خلۆر وەکو رەوڕەوە بێیتەخوارێ
بکەویتە لای ئەو هێلانە کەوەی کە تازە بە تازە
لەدایک دەبێ و دەیەوێ هاوڕێ یەکەی بخاتە
ناو سەنگەری دوژمن
ئەمەشیان لە بەختی کوردە ... تازە بەتازە
نەوەی کەو لەدایک دەبێ ))

سەردەمی ئێستاکە ... بەمەیان رازی نی یە
مرۆڤی ئێستاکە ... رەوشتی ئاوای نی یە
هەستەوە سەرپێ ... کەوتن جارێک ، عەیب نیە
هەستەوە سەرپێ ... ساتمە کردن ، شوورەیی نیە
گوتم : تەنها جارێک ... ئەگەر نا

مردن هەڵبژێرە و خۆت لەو ڕێگایە مەدە
خلۆر دەبمەوە هەتا دەگەمە بناری شاخ
خلۆر دەبمەوە هەتا دەگەمە بناری شار
گیانە لەو خەوە شیرینە هەڵم مەستێنە
بەڵکو لە رووح نزیک دەبمەوە
دەبمەوە

ستۆکهۆڵم 1993/8/2